و ئەم سەر بۆ ئەوسەری خیابانەکان، بە رادەیەک کە بە جوانی تۆ خرۆشان بەدەم هەنگامە و زەبر و زەنگ و خوێن هەڵچوونی ناحەزەکانت کە وەک ئەوە وابوو کە گڕکان و تۆفان و زەمین لەرزەیەکت لە ژێر پێیەکانی ئەواندا بەرپا کردبێت.. وای لە پیاوانی زێدە لەرزۆک و گرگن و گزگل و تۆقیو لە سێبەر و بۆن و بەرامە و نیگا و لەنجەی لەرزەکەمەر و ترپە و تەققەی کەوش و پێڵاو و حریتە حریت و قاقا و قریوەی لە ناکاوی خانمان.. وای.. وای.. وای!

گیانۆ.. ژینا.ی ئازا و جەربەزە و گوڵخاتر.. خاترجەم بە کە ئەوە تۆ بوویت کە بە خوێنی رژوای خۆت ژینی ملیۆنەهات بە درۆ خستەوە، ئەوانێک کە مردوون و بە خۆیان نازانن، ئەوەتا لەسەر خیابانەکاندا مردووەکان ئەوەندە زۆرن کە مەگەر مردووەکانی دیکەی گۆڕستان رابن و بێدار ببنەوە و میهر بنوێنن کە زیندە مردووەکانی دیکەی ئەم سەردەم و رۆژگارە بنێژن. ئەتۆ بە مەرگی خۆت سەلماندت کە ئەوانی گاگەل و نێرەوز و نێرگەل و هەم کەڵەگا نەیانزانیوە بژین.. بە هەق واتکرد و وا ژنەوتیت، ئەوانی نابووت و و پەرپووت لە تۆ پەست و تووڕەن کە سەلماندت ئێمەی نێرینەگەلی ئەم دەڤەرە زیندانین لە پای ئەوەی دڵمان بەوە خۆشکردووە کە کچەکان و خوشکەکان و ژنەکان و دەستگیرانەکانمان کۆیلە و بەندەواری ئێمەن، گوایە ئێمەی کۆیلە و ترسنۆک تا ئەندازەی مەرگ شاد دەبین گەر ئێوە دەنێو ئەشکەوت و کونجی تاریکی ماڵەکاندا وەک باڵندە و مەلی نێو قەفەز بژین و هەتاویش لێتان نەدات، وەک هوزار و بولبول بخوێنن بۆ ئێمەی کەڕ و گێر و لاڵ، کە تا هەنووکە نەمانزانیوە کە ئێوەی گیرخواردوو دەنێو قەفەز و بەندەواری فاقە و تەڵە و تەپکە و داوی ئێمەدا دەچریکێنن، دەخوێنن، بەڵام هەیهات کە وا نییە و خۆمان لە گێلیی دەدەین، ئاخر خۆ ئێوە ناخوێنن و بگرە چریکە و چەهچەهە و جریوەتان زادەی خۆشنوودی نییە، بەڵکو گریان و شیوەنێک و سینەکوتانە بە دیواری قەفەزەکان و دەرگا و پەجەرەی شیشەبەندی ناو خانووەکان و ماڵەکان کە بوون بە زیندانی جوانییەکان، چ کەلاوەنشین بن و چ کۆشکنشین، کە دیارە ئێمەی نێرگەل و نێرەوزی کەودەن و و نەبان و حۆل و یاغنیش دەرکی ناکەین و تێناگەین کە جریوە و چریکەتان خوێناوی جەرگ و کەفچڕینی دڵبەندی و گرینی رۆحی پەژموردە و و ژەهراوییبوونی خەیاڵ و خەون و زیندەگیتانە!

***

## {تاریکپەرستەکان}

مەگەر نەتزانیوە کە وەها وێنای ژنان دەکرێت کە چ فریودەر و جادووگەرێکن، کە گوایە ئێوە لەژێر هەر تاڵە موویەکی سەر و پرچتان شەیتانێکتان حەشارداوە، کە ئەگەری فریودانی پیاوە ئیمان تۆکمە و هەم لەرزۆکەکانتان هەیە، ئەوەیان چ بڕوا و ئیمانێکی تەنکۆڵە و عەمبارەپۆیە کە وا زوو بە دەرکەوتنی پەرچەمی خانمێکی سەلار و سەنگین کە ویقار و شکۆیەک لە چاوانی تۆدا شەوی دەیجووری رۆشن دەکردەوە، دە من دڵنیام ئەتۆ دەتزانی کە ئەوان هەترەشیان لەو پرشنگ و تین و تاو و چرایەک چووە کە لە ناو چاوانی تۆدا نێو دڵ و رۆح و مێشکی تاریکی ئەوانی رۆناک کردۆتەوە، ئەوان کە شەمشەمەکوێرە ئاسا دەگەڵ تاریکی راهاتوون، نەدەکرا رۆشنایی تۆ چاڵ و گۆڕ و خەرەند و بیری بێ بنی نێو گیان و

